# شیکردنەوەی شیعری"بەردەنووسێك"ی گۆران بە پێی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی


م. ی. ناهیدە حسێن عەبدولڕەحمان

زانکۆی ڕا پەڕین

فاکەڵتی پەروەردەی بنەڕەتی

بەشی زمانی کوردی


## پێشەکی

هەموو کۆمەڵگایەك خاوەنی کۆمەڵێك داب و نەریتی تایبەت بە خۆیەتی، بێگومان ئەم داب و نەریتانەش لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر، بە پێی ئاین و سروشت و ژینگەی کۆمەلأیەتی دەگۆڕێت. کۆمەڵگای کوردیش وەکو هەموو کۆمەڵگاکانی تر کۆمەڵێك داب و نەریت و بەهای مرۆڤایەتی تێدایە، کە هەندێکیان شایانی ئەوەن شانازییان پێوە بکەین و هەندێکی تریشیان پێویستە بە هەموو لایەکمان هەوڵی لەناو بردنی بدەین. دیارە لە کۆمەڵگای کوردیشدا ئەو داب و نەریتە کۆمەڵایەتییانە مێژوویەکی کۆنیان هەیەو ڕەگ و ڕیشەیان داکوتاوە. زۆرجاریش ئاین تێکەڵ بە داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان کراوەو بە پێی بەرژەوەند یەکانی چینێکی بالأ دەست و سەرمایەداری ناو کۆمەڵگا بەکارهاتووە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدەین بەشێك لەو ئاریشەو گرفتانەی، کە بەهۆی داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەرۆکی کۆمەڵگای کوردیان گرتووە، وەك ژن کوشتن بە بیانووی شەرف پارێزی و جیاوازی چینایەتی و سوکایەتی کردن بە مرۆڤ و...هتد شیکردنەوەو شرۆڤەی بۆ بکەین.

**ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە لەژێر ناونیشانی (شیکردنەوەی شیعری"بەردەنووسێك"ی گۆران بە پێی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی) ،واتە جەخت لەسەر ئەو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییانە دەکاتەوە، کە لە چوارچێوەی ئەو تێکستەدا هەیە.

**سنوری لێکۆڵینەوەکە:** شیکردنەوەیەکی ڕەخنەییە لە چوارچێوەی شیعری"بەردەنووسێك"ی گۆراندا، واتە هەوڵدراوە بە پێی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی شرۆڤەی گرنگترین ئەو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییانە بکرێت، کە لە چوارچێوەی تێکستەکەدا بەدی دەکرێت.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:** لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی (وەسفی - شیکاری) بەکارهاتووە، چونکە لەگەڵ سروشتی کارەکەدا دەگونجێت. واتە لە تەوەری یەکەمدا بە شێوەیەکی وەسفی قسە لەسەر(میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی) کراوە، لە تەوەری دووەمیشدا بە شێوەیەکی پراکتیکی، شیکاری و شرۆڤەی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان کراوە.

**گرنگی لێکۆڵینەوەکە:** گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە، بریتییە لە خزمەت کردن بە ئەدەبی کوردی بە گشتی و ڕەخنەی پراکتیکی بە تایبەتی، چونکە بابەتی ڕەخنەی پراکتیکی لە قۆناغەکانی زانکۆدا، زۆرجار گرێ کوێرەو دێوەزمەی بەردەمی خوێندکاران بووە، ئەم لێکۆلینەوەیەش دەروازەیەکی ئاسانکاری دەبێت، بۆ خوێنداران بە گشتی و خوێندکارانی قۆناغی چوارەم بە تایبەتی، چونکە لەم قۆناغەدا توێژینەوەی دەرچوون وەك بابەتێکی پراکتیکی ئەنجام دەدرێت. لێرەدا خوێندکار دەتوانێت کارێکی ڕەخنەیی ئەنجام بدات و سنوری کارەکەی دیاری بکات و میتۆدێکی ڕەخنەیی وەربگرێت و لەو سۆنگەیەوە قسەی لەسەر بکات.

**ناوەڕۆكی لێكۆڵینەوەكە:** ئەم لێكۆڵینەوەیە پێكهاتووە لە پێشەكییەك و دوو تەوەر، لە تەوەری یەكەمدا هەوڵدراوە تیشكێكی خێرا بخرێتە سەر چەمك و پێناسەی میتۆدی ڕەخنەی كۆمەلایەتی، چونكە چوارچێوەی دەربڕینەكانی توێژەر بۆ شرۆڤە كردن و لێكدانەوەی دەقەكە، لە ژێرچەتری میتۆدی ڕەخنەی كۆمەڵایەتیدایە، پاشان ئاماژە كردن بە مێژووی سەرهەڵدانی میتۆدی ڕەخنەی كۆمەڵایەتی. لە تەوەری دووەمدا زیاتر قوڵ بووینەتەوە بە ناو ئەو ڕێچكانەی، كە گشتین و كرۆكی توێژینەوەكە پێكدەهێنن.وەك قسە كردن لەسەر گرنگترین ڕەهەندە كۆمەڵایەتییەكان و شرۆڤەكردنیان بە شێوەیەكی پراكتیكی.

لە كۆتایی توێژینەوەكەشدا چەند ئەنجام و پێشنیارێكمان خستۆتە ڕوو، لەگەڵ پوختەیەكی توێژینەوەكە، بە زمانی ئینگلیزی و زمانی عەرەبی. لەگەڵ ئاماژە كردن بە لیستی سەرچاوەكان.

## تەوەری یەكەم/ چەمك و پێناسەی میتۆدی ڕەخنەی كۆمەڵایەتی

بۆ قسەكردن لەسەر میتۆدی ڕەخنەی كۆمەڵایەتی و تێگەیشتن لە سروشتی ئەم میتۆدە، پێویستە ئاماژە بە چەند پێناسەیەك بكەین، لەگەڵ ئەوەشدا كە پێناسە كردن كارێكی دژوارە، چونكە میتۆدی ڕەخنەی كۆمەڵایەتی فرە ڕەهەندە، ئەمەش بەهۆی زۆری كێشەو ململانێكانی ناو كۆمەڵگا لەلایەك و پەیوەست بوونی بەدیاردە كۆمەڵابەتییەكان لە لایەكی ترەوە، وای كردووە كە لە زۆر ڕەهەندەوە هەڵوێستەی لەسەر بكرێت.

بۆ تێگەیشتن و ڕاڤە كردنی دەق بە پێی ئەم میتۆدە، پێویستمان بە خوێندنەوەی دیوی ناوەوەو دەرەوەی دەق هەیە، بۆ ئەوەی بتوانین لە پرۆسەی ڕەخنەییدا پەی بە نهێنی و لایەنە شاراوەكانی دەقی ئەدەبی ببەین. دەتوانین(ڕەخنەی كۆمەلایەتی بە یەكێك لە جۆرە ئەدەبییەكان دابنێین، ئەگەر ئەو بەرهەمە ئەدەبییە چارەسەری كێشەیەكی ئابوری یان ڕامیاری، یان كۆمەلایەتی بكات. لە زۆربەی كاتەكاندا تەنیا چارەسەری ئەو بابەتانە دەكات كە جێگەی گرنگی و بایەخی ڕای گشتییە لە سەردەمی خۆیدا)[1] لە گۆشەنیگای ئەم پێناسەیەوە، ڕەخنەی كۆمەڵایەتی چارەسەری گیروگرفتەكانی كۆمەڵ دەكات. ئەمەش لە ئەنجامی دەرخستنی كێشەكان و بەرجەستەكردنیان لە قاڵبێكی بەرزی ئەدەبیدا. مەزنی دەقەكانیش دەكەوێتە سەر ئەوەی، كە تا چەند (نووسەرو خوێنەر) لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبیدا، توانیویانە كاریگەری لەسەر كۆمەڵ دروست بكەن، كەواتە ڕەخنەی كۆمەڵایەتی لە چوارچێوەیەكی كۆمەڵایەتیدا كاردەكات و میتۆدی ڕەخنەی كۆمەڵایەتیش خۆی بە دوور دەگرێت لە بابەتە میتافیزیكییەكان، چونكە زەمینەی كاركردنی ئەم میتۆدە بریتییە لە واقیعی ژیانی كۆمەڵ، نەك ئەو دیوی سنوورەكانی واقیع.

ئەگەر لە ڕوانگەیەكی ترەوە پێناسەی ڕەخنەی كۆمەڵایەتی بكەین(لە دیدێكی كۆمەڵایەتییەوە لە ئەدەب دەكۆڵێتەوە، بە پێی هەرسێ بنەماكەی ئەدەب، كە بریتین لە نووسەر..دەقی ئەدەبی..خوێنەر)[2] ،واتە نووسەر وەكو بوونی لە ڕووی كەسایەتی و كارو پیشەو پێشینەی ڕۆشنبیری و كۆمەڵایەتییەوە، دەقی ئەدەبیش وەكو ئەو بابەتەی كە بەشداری دەكات، لە دەرخستن و چارەسەركردنی كێشەكاندا، خوێنەریش(جەماوەر) كە بنەمای سێیەمە لەو ڕووەوە، كە تا چەند ئەو دەقەی وەرگرتووەو ئاوێتەی بووەو كاری تێكردووە. كەواتە هەر سێ لایەنەكە(نووسەر،دەق،خوێنەر) لە پرۆسەی ڕەخنەییدان و ناكرێت لە یەكتری جیا بكرێنەوە، بە تایبەتی لە ڕەخنەی كۆمەڵایەتیدا، چونكە جیاكردنەوەو دابڕانی یەكێك لەم سێ لایەنە، دەبێتە هۆی ناتەواوی لە ئامانجی

---

[1]: معجم مصطلحات الادب (انكليزي- فرنسي- عربي)، مجدي وهبة، مكتبة لبنان، بيروت، ١٩٧٤، ص ٥٢٥ .

[2]: التحليل الاجتماعي للادب، السيد يسن، دار العين للنشر، ط٣ ، القاهرة، ٢٠٠٧، ص٨

پرۆسەکەدا. دەکرێت بڵێین ئەگەر ئەدەب خاوەنی ئەرکێکی کۆمەڵایەتی بێت، ئەوا پێویستە لە سۆسیۆلۆژیای ئەدەبدا بە دوای ئەو ئەرکەدا بگەڕێین و لە ڕێگەی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییەوە ئەو دیاردانە ئاشکرا بکەین.

دیارە ڕەنگدانەوەی واقیعی ژیانی کۆمەڵ بە زۆر شێوە لە کاری ئەدەبیدا دەردەکەوێت، بەڵام ئەگەر ئەو گواستنەوەیە وەکو خۆی بوو، واتە کۆپی کردنی واقیع بوو ئەو کاتە ڕەنگە دەقی ئەدەبی نەتوانێت ئەو پەیام و مەبەستەی، کە دەیەوێت بیگەیەنێت و تیایدا سەرکەوتوو بێت، چونکە زۆر جار گواستنەوەی وێنەیەکی کۆپی کراوی ژیانی کۆمەڵ، ناتوانێت ڕەهەندە ئیستاتیکی و سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژییەکانی دەقی ئەدەبیمان بۆ ئاشکرا بکات. بۆیە (نووسەری ڕاستگۆ واقیع وەك خۆی پیشان نادات، دێت بە هۆشیارییەوە ئەو جیهانی نوێیە دەکێشێت کە خەوی پێوە دەبینێت)[1]. لێرەشەوە دەقی ئەدەبی دەتوانێت زۆرترین کاریگەری لەسەر کۆمەڵ دروست بکات و کۆمەڵ هۆشیار بکاتەوە لە هەموو دیاردەیەکی دزێوو دژ بە مرۆڤایەتی کە لە ناو کۆمەڵدا هەیە، چونکە ئامانجی ئەدەب چاکسازی و دروست کردنی کاریگەرییە لەسەر کۆمەڵ. بەمەبەستی بەرەو پێش بردن و خزمەت کردنی مرۆڤایەتی بە گشتی.

هەروەها پێویستە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بە گیانێکی سەردەمیانەوە بڕوانێتە سەرجەمی کێشەو ململانێکان، ئەگەر ڕەخنە نەتوانێت شانبەشانی بارودۆخی ڕۆژگار بڕوات، ئەوا ماهیەتی خۆی لەدەست دەدات و دەبێتە مێژوو. کەواتە ئەرکی ڕەخنەگر تەنیا ئەوە نییە، کە بەرهەمەکەی سەردەمیانە بێت، بەڵکو(ڕەخنەگری کۆمەڵایەتی داوا لە نووسەر دەکات، کە سەرەمییانە گوزارشت لە بارو دۆخی کۆمەڵگاکەی بکات و ببێتە نوێنەری سەردەم و کۆمەڵگاکەی)[2].

لە کارلێکردن و کارتێکردنی نێوان ڕەخنەگرو نووسەردا، خوێنەریش وەکو ڕەگەزی سێیەم دێتە ناوەوە. ئاستی وەرگرتن و کارلێکردنی دەقی ئەدەبیش لای خوێنەر وەکو یەك نییە، بەڵکو بە پێی پێشینەی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و فکرییان لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی دی دەگۆڕێت. لێرەشەوە ڕەخنەی ئەدەبی دەبێتە پردی پەیوەندی لە نێوان نووسەرو خوێنەردا، بە جۆرێك ڕەخنەگری کۆمەڵایەتی لایەنە نادیارەکانی بەرهەمی ئەدەبی ڕوون دەکاتەوەو هەوڵی کردنەوەی ئەو کۆدانە دەدات، کە وەکو ڕەمز بەکار هاتوون، ئەمەش پێویستی بە لێکدانەوەیەکی لۆجیکی، هەیە کە لەگەڵ واقیعدا بگونجێت. میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە پرۆسەی کارکردنی خۆیدا، تەنیا خۆی نابەستێتەوە بەو لایەنەوە کە ڕاڤەی ڕۆمانێك یان چیرۆکێك یان شیعرێك بکات، بەڵکو بە حوکمی سروشتی کارکردنی ئەم میتۆدە، کە زیاتر کۆمەڵایەتییەو شۆڕ دەبێتەوە بۆ چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگاو مامەڵە لەگەڵ بەرهەمی ئەدەبی میللیشدا دەکات، چونکە بەرهەمە میللیەکان زیاتر لە ناو خەڵکیدا بڵاوەو کاریگەرییان زیاترە.

ڕەخنەی کۆمەڵایەتی کێشەو بابەتی پڕ بایەخ دەوروژێنێت و قسەی لەسەر دەکات، لە گرفتەکانی ڕۆژانەی واقیعی کۆمەڵەوە نزیك دەبێتەوەو دەبێتە جێگای تێڕامان و هەڵوێستە لەسەر کردن و خوازیاری دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکە بۆ کێشەکان. بەم شێوەیە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بەو ڕۆحیەتەوە کار دەکات، کە هەوڵی هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵ دەدات و ئاڕاستەیان دەکات بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان.

---

[1]: شیعرو شمشێر، حەمەسەعید حەسەن، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چ١، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١١٩

[2]: حركة النقد المسرحی في سورية(١٩٦٧-١٩٨٨) دراسة، د. هورية محمد حمو، من منشورات اتحاد الكتاب العرب،١٩٨٨، ص١٦٤ .

کۆمەڵگا کۆنەکان درکیان بەو پەیوەندییە زیندووەی نێوان ئەدەب و واقیعی ژیانی کۆمەڵ نەکردووە، بۆیە تەنیا لە گۆشە نیگای چێژو خۆشییەوە سەیری بەرهەمە ئەدەبییەکانیان کردووە، بە تایبەتی شیعر، بەڵام لەگەڵ بەرەو پێش چوونی عەقڵیەتی کۆمەڵگاو کرانەوەی بە ڕووی دنیادا، نووسەرانیش بەرهەمەکانیان لەو چوارچێوە کۆمەلایەتییەدا خستە خزمەتی کۆمەڵگاوە، بەمەش پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ژانرە ئەدەبییەکان و کۆمەڵگادا دروست بوو. کەواتە ئەدەب تەنیا وشە ڕیز کردن نییە، بەڵکو هەڵگری زۆر واتاو وێنەو بەهای جیاوازە، بە واتایەکی تر گوزارشت کردنە لە هەڵوێستە مرۆڤایەتییەکان سەبارەت بە ژیان و کۆمەڵگا. ئەمەش پەیوەندی بە تواناو لێهاتوویی نووسەرەوە هەیە، کە تا چەند دەتوانێت بە هۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ داهێنانی ئەدەبیدا بکات، بە شێوەیەك کە هەڵگری نهێنییەکانی واقیعی ژیانی کۆمەڵگا بێت.

(ڕێنیە ویلیك و ئۆستن وارین)جەخت لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی ئەدەب دەکەنەوە، کە ناکرێت نکۆڵی لێ بکرێت (ئەدەب ئەرکێك یان سودێکی کۆمەڵایەتی هەیە، کە ناکرێت بە شێوەیەکی خودی سەیر بکرێت...زۆربەی زۆری ئەو پرسانەی کە ئەدەب دەیوروژێنێت پرسی کۆمەڵایەتین)[١] ،واتە گەورەیی داهێنانی ئەدەب پەیوەستە بە چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەوە. دیارە بەهرەی شاعیران و نووسەرانیش بە بەهێزترین هۆکاری بەرهەمهێنانی ئەدەبی دادەنرێت، کە پێویستە بخرێتە خزمەتی کێشەکانی کۆمەڵگاوە.

## مێژووی سەرهەڵدانی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی

کاتێك باسی مێژووی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دەکەین، پێویستە ئەو ڕاستییە بزانین، کە سەرهەڵدانی ئەم میتۆدە لە ئەنجامی کۆمەڵێك هۆکارەوە بووە، کە پەیوەست بوون بە کێشەو گیرو گرفت و بەهاو پێوەرە ئاکاری و ڕەوشتییەکانی کۆمەڵگاوە، ئەمەش بە پێی سەردەمەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. لەلایەکی تریشەوە لە ئەنجامی ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی کە سەرجەم لایەنەکانی پیشەسازی و ڕۆشنبیری و ڕامیاری و ئابوری و..هتد گرتەوە، وای دەخواست کە مرۆڤ جارێکی تر بە تێڕوانینێکی وردو قوڵەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم پێشکەوتنانەدا بکات.

بێگومان ئەدەب و ڕەخنەش لایەنێکی زیندوو گەشەسەندووی ژیانەو نووسەران و هونەرمەندانیش وەك تاکێکی کۆمەڵ، بەڵام تاکێکی هۆشیارو بە ئاگای سەردەمی خۆیان، توانیویانە خۆیان نوێ بکەنەوەو بە پێی قۆناغەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵگا هەنگاو بنێن و لەگەڵ پێشهاتەکاندا خۆیان بگونجێنن. لێرەشەوە درك بە ڕۆڵ و ئەرکی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دەکەین، کە(گرنگیدانە بە تێگەیشتن و هەست کردن بە ژینگەی کۆمەڵایەتی و زانینی ڕادەی بە دەنگەوە چوونی هونەرمەندو نووسەر بۆ ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییە)[٢]. ئەو لایەنە گرنگەی، کە پێویستە لەسەرهەڵدانی ئەم میتۆدەدا بیزانین، ئەوەیە کە توانیویەتی دوو چەمکی هەستیارو زیندووی پەیوەست بە ژیانی تاك و کۆمەڵەوە بەیەکەوە گرێ بدات، ئەویش ئەدەب و کۆمەڵگایە. کاتێك دەڵێین کاری ئەدەبی گوزارشت کردنە لە واقیعی دەرەوە، ئەمەش دەروازەیەکە بۆ پەیوەست کردنی ئەدەب بە کارلێکردنی لەگەڵ بینای کۆمەڵایەتی و سیستەمی گۆڕانکارییەکانی ناو کۆمەڵگا، بەو پێیەی کە کۆمەڵگا بەرهەم هێنەری

---

[١]: نظرية الادب، رينية ويليك و اوستن واين، ت:محی الدين صبحي، م: د.حسام الخطيب، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ط٢ ، ١٩٨٧،٩٧

[٢]: خمسة مداخل الى النقد الادبی،(مقالات معاصرة في النقد)، تصنيف: ويلبرس.سكوت، ت: عناد غزوان اسماعيل و جعفر صادق، منشورات وزارة الثقافة والفنون، دار الحرية، بغداد ،١٩٨١، ص١٣٥.

کارای داهێنان و کاری ئەدەبی و هونەرییە، کەواتە دەتوانین بڵێین(ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بوونی نابێت تەنیا لە زەمینەی واقیعی کۆمەڵدا نەبێت)[1]. میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەك لە پانتایی ڕەخنەی ئەدەبیدا خۆی چەسپاند، کە پێویستی بەوە بوو وەك میتۆدێکی سەربەخۆ دەربکەوێت، چونکە ماوەیەکی زۆر ئەم میتۆدە وەك بەشێك لە ڕەخنەی مێژوویی سەیر کراوەو بەیەکەوە کاریان کردووە. دەتوانین بڵێین( پەروەردەکەرو دروستکەری ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ڕەخنەی مێژوویی بووە)[2]، ڕەخنەی مێژوویی زەمینەیەکی گونجاو بوو، بۆ سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، چونکە ڕەخنە پێویستی بەوە بوو، کە تەنیا وەك تۆمارێکی مێژوویی و وەك بەڵگەو دۆکۆمێنت بۆ ساغ کردنەوەی لایەنە نادیارو شاراوەکانی مێژوو سەیر نەکرێت، بەڵکو پێویست بوو بنەماکانی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی پەیوەست بە نووسینەوەی مێژوو گۆڕانی بەسەردا بێت و تەنیا لەو ئاستەدا نەمێنێتەوە، کە وەك یارمەتیدەر یان بەردەستی مێژوو سەیر بکرێت، بەڵکو پێویست بوو ئەو ئاستە تێپەڕێنێت. بەمەش ڕەخنەی کۆمەڵایەتی توانی ئەو ڕۆڵە پاشکۆیەتییە تێپەڕێنێت و ببێت بە میتۆدێکی زیندوو سەربەخۆو خاوەن بنەماو ئەرکی تایبەت.

بێگومان ئەو بارو دۆخەی کە پێویست بوو بڕەخسێت، بۆ سەرهەڵدانی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، کە بە چەندین قۆناغ و سەردەمی جیاوادا تێپەڕیووە.

گۆڕانی کۆمەڵایەتیش لە سەردەمە کۆنەکاندا نەك هەر ئاسان نەبووە، بگرە زۆریش زەحمەت بووە. لەگەڵ بەسەر چوونی سەدەکانی ناوەڕاستدا، کە لە مێژووی ئەوروپادا بە سەدە تاریکەکان ناسراوە، سەرەتای ڕێنیسانسی ئەوروپی سەرهەڵدەدات. ڕێنیسانس مژدەی بەدیهاتنی سەردەمێکی نوێ و کرانەوەی مرۆڤ و دەروازەی گۆڕانکارییەکی گەورە بوو، سەرەتای گەشەسەندن و هۆشیاری مرۆڤ بوو بەرامبەر بە کۆمەڵگاو سیستەمی بەڕێوە بردن و دەرکەوتنی چەندین زاناو فەیلەسوفی ناودار. بێگومان ئەم گۆڕانکارییە مەیدانی ڕەخنەی ئەدەبیشی گرتەوە، کە پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ واقیعی ژیانی کۆمەڵگادا هەبوو. لەم سەردەمەدا پیاچوونەوە بە بنەماکانی دروست بوونی کاری ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی، یەکێك لە گرنگترین هەنگاوەکانی بریتی بوو لە(تێگەیشتن و گرنگی دان بە فاکتەرە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆڵیان لە داڕشتنەوەی ئەدەبدا)[3] . بە درێژایی سەدەی نۆزدە، کارەکانی (مارکس١٨١٨- ١٨٨٣) و(ئەنگلز ١٨٢٠-١٨٩٥) لە ڕێگەی بیرو بۆچوونە فەلسەفییەکانیانەوە کاریگەرییەکی بەهێزیان هەبوو، لە سەرهەڵدان و بەرەو پێش چوونی ڕێبازە جیاوازەکانی ڕیالیزم لە ئەدەب و هونەردا، چونکە ئەم دوو فەیلەسوفە ویستیان بە شێوەیەك ڕاڤەی مێژوو پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بکەن، کە ببەستنەوە بە ململانێی چینایەتی و فاکتەرە ئابورییەکان و هۆیەکانی بەرهەم هێنانەوە. ئەوان زۆربەی چالاکییەکانی مرۆڤیان لەسەر بنەمای دوو ئاست دابەش کردبوو(سەرخان کە ئەدەب و هونەر دەگرێتەوە، بەڵام ژێرخان بریتییە لە فاکتەری ئابوری و بزاڤی بەرهەم هێنانی ماددی کە کار لە سەرخان دەکات و دەیجوڵێنێت)[4]، ئەگەرچی ئەم فەلسەفەیە لە بازنەی ململانێی چینایەتی و فاکتەرە ئابورییەکاندا

[1]: مدخل الى مناهج النقد الادبي،تأ: مجموعة من كتاب،ت: د.رضوان ظاظا،م: د. المنصف الشنوفي،سلسلة عالم المعروف٢٢١، الكويت ، ١٩٩٧، ص١٣٦.

[2]: مناهج النقد المعاصر، د.صلاح فضل، ميريت للنشر والمعلومات، ط١، القاهرة ،٢٠٠٢، ص٣٦

[3]: مدخل الى سوسيولوجيا الادب، محى الدين يوسف أبوشقرا، المركز الثقافي العربي، ط١، الدار البيضاء- المغريب، ٢٠٠٥،ص ٥١ .

[4]: مدخل الى النقد الادبي الحديث،د. شلتاغ عبود شراد، دار مجدلاوى للنشر ،ط١، عمان،١٩٨٨ ،ص٢٣٤.

دەخولێتەوە، بەڵام ڕۆڵی هەبوو لە دەرخستنی کێشەکانی کۆمەڵ و ململانێ و جیاوازییەکاندا. هەموو ئەمانەش کێشەو دیاردەی کۆمەڵایەتین و پەیوەندییان بە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵەوە هەیە.

لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە ڕوسیا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینی، ئەمەش لە ئەنجامی زۆر بوونی کێشەو گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان و دەرکەوتنی جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ژیانی هەژاران و دەوڵەمەندەکاندا. ئەم نایەکسانی و کێشەو ململانێیانە لە بەرهەمی زۆرێك لە نووسەرە ناودارەکانی ڕوسیادا ڕەنگی دایەوە، وەکو (پوشکین، گۆگۆڵ، دیستوفسکی..هتد) کارە ئەدەبییەکانی ئەم نووسەرانە، کە ڕەنگدانەوەی واقیعی ژیانی کۆمەڵگا بوون، بریتی بوو لە( ئەدەبێکی ڕەخنە ئامێز، کە دەرخەری کەم و کورتی و گەندەڵییەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی و چەوساندنەوەی چینایەتی بوو)[1]، لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی، بەهۆی ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی، کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا سەرجەم بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی گرتەوە، هاوکات ڕەخنەی کۆمەڵایەتیش هەوڵیدا لە ئاستی گۆڕانکارییەکانی ئەو سەردەمەدا بێت. پاشان هەوڵەکان بە ئاراستەی کارکردن لەسەر ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بەردەوام بوون.

(ئەیان وات)توانی لە کتێبی(سەرهەڵدانی ڕۆمان)دا (The Rise of the Novel) (لە میانەی لێکۆڵینەوەی لەبەرهەکانی ئەدەبی ئینگلیزی سەدەی هەژدەهەم و لە ڕێی لێکۆڵینەوە لە بەرهەمەکانی"دانیاڵ دیڤۆو ڕیچاردسن و میلد ینگ"چارەسەرێکی کۆمەلآیەتی بۆ ئەدەب بدۆزێتەوە."وات" تێبینی ئەوەی کرد، کە هەرسێ ڕۆماننووسکە نەوەی یەك سەردەمن، بەڵام ئەوە ڕێکەوت نییە، بەڵکو لە بارو دۆخێکی ئەدەبی و فکری و کۆمەڵایەتی لە باردا بەرهەمەکانیان پێشکەش کردووە)[2] ، هەر لە ئەڵمانیادا "جۆرج لۆکاش (١٨٨٥-١٩٧١ز) توانی لە ڕێگەی کتێبی (ڕۆمانی مێژوویی)ڕاڤەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ سەرهەڵدان و قۆناغەکانی دروست بوون و گەشەکردنی ڕۆمان بکات. (پاش جەنگی یەکەمی جیهانی "ئەدۆرنۆ ١٩٠٣-١٩٦٩" "والتەر بنیامین ١٨٩٢-١٩٤٠" "ماکس هۆرکهایمر ١٨٩٥-١٩٧٣" پەرەیان بە ڕەخنەی سۆسیۆلۆژی ئەڵمانی دا)[3] لە بەریتانیاش (کریستوفر کوریل ١٨٣٧-١٩٠٧) لە ڕێگای کارەکانییەوە، کە ڕەخنەگرتن بوو لە ڕۆشنبیری و شارستانیەتی تاك و ئازادی بۆرژوا، بەهۆی کۆکردنەوەی چەند زانستێکی وەکو سۆسیۆلۆژیاو دەروونناسی و مرۆڤناسی و پاشان شیکردنەوەیان ئەم میتۆدەی بەرەو پێشەوە برد.[4] لە فەرەنساش کارەکانی(لوسیان گۆڵدمان ١٩١٣-١٩٧٠) ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو، لە پێشخستنی ڕەخنەی کۆمەڵایەتیدا، چونکە (گۆڵدمان هەوڵیداوە لە توێژینەوەکانیدا کۆبەندییەك لە نێوان سۆسیۆلۆژیا لەلایەك و ڕەخنەی ئەدەبی لەلایەکی ترەوە بکات)[5]، ئەمەش بە واتای سود وەرگرتن لە سۆسیۆلۆژیاو ڕەخنەی ئەدەبی بۆ خوێندنەوەو ڕاڤەکردنی دەقە ئەدەبییەکان.

بەم شێوەیە میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی گەشەی کردو، بوو بە میتۆدێکی سەرەکی لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا. ئێستاش ئەم میتۆدە بەردەوامە لە خزمەت کردنی کۆمەڵگادا، ئەمەش لە ڕێگای ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی لەبەر تیشکی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتیدا، چونکە ئەدەبیات هۆکارو

---

[1] : مقدمة في النقد الادبی، د.علي جواد طاهر، المؤسسة العربية للدراسات والنشر،ط٢، بغداد،١٩٨٣، ص ٤٠٥.

[2] : سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی(لە ڕووی پێوەرە ئاکارییەکانەوە)نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، ئازاد عەبدولواحید کریم، لە بڵاوکراوەکان لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کورد (١٤) چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ١، هەولێر،٢٠٠٥، ل٤٠ .

[3] : هـ .پ، ل٤٢

[4] : بڕوانە: النقد الادبي المعاصر(قضاياه واتجاهاته)، د.سمير سعد حجازي، دار الافاق العربية، ط١، القاهرة ،٢٠٠١، ص٤٠ .

[5] : ن.م، ص٥١

بزوێنەری کۆمەڵە، هەرگیز ناکرێت چالاکی ئەدەبی و هونەری لە چالاکی گشتی و کۆمەڵ جیا بکرێتەوە، بەڵکو پێویستە ئەدەب ڕۆڵ و کاریگەری خۆی هەبێت لە پێشکەوتن و پەرەسەندنی کۆمەڵ و هۆشیارکردنەوەی تاکەکانیدا.

## ژینگەی کۆمەڵایەتی سەردەمی گۆران

بەمەبەستی ڕۆشنایی خستنە سەر ئەزموونی شیعری گۆران، پێویستە لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری سەردەمی گۆران، ئەگەر کەمێکیش بێت پێی ئاشنا بین، بۆ ئەوەی بتوانین لە نزیکەوە هێڵە گشتییەکانی واقیعی ئەو کاتە ڕوون بکەینەوە، کە کاریگەرییان لەسەر گۆران هەبووە. بێگومان ئەو لایەنانەی سەرەوە گرنگترین فاکتەری دروست بوون و خولقاندنی بەرهەمە ئەدەبییەکانن.دیارە لەڕێگەی کارە ئەدەبییەکانەوە دەتوانین زانیاری لەسەر سیستەمە ئابوری و ڕۆشنبیری و ڕامیارییەکان بەدەست بێنین و خوێندنەوەی خۆمان ئاڕاستەی ئەو دۆخە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەی سەردەمێکی دیاریکراو بکەین. بەشێك لە شاعیران لە ڕێگەی بەرهەمەکانیانەوە لە ناو ژینگە کۆمەڵایەتیەکەیاندا خاوەنی ئامانجێك بوون، بۆ ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگا بەرەو پێشکەوتن و گەشەکردن و چارەسەرکردنی کێشەکانیان، چونکە ئەو کاریگەرییە زۆر توندو تۆڵەی کە لە نێوان نووسەران لەلایەك و کۆمەڵگا لەلایەکی ترەوە بە شێوەیەك بووە، کە لە پشت زۆرێك لە شۆڕش و بزاڤە نەتەوایەتییەکانەوە کۆمەڵێك نووسەر هەبوون، بۆ پێشڕەوی کردن و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا.ساڵانی تەمەنی گۆران (١٩٠٤- ١٩٦٢) لە هەموو ڕوویەکەوە کۆمەڵگا دواکەوتوو بووە، خوێندەوارو کەسانی ڕۆشنبیر زۆر کەم بوون، چونکە دەسەڵات و سیستەمی فەرمانڕەوایی بەرژەوەندییان لەو دۆخەدا هەبووە. ئەم بارودۆخەش کاریگەری لەسەر باری کۆمەڵایەتی هەبووەو ئومێدی پێشکەوتن و گەشەکردنیش زۆر زەحمەت بووە. لایەنی خوێندن و ڕۆشنبیریش لەوپەڕی لاوازی و دواکوتوویدا بووە، بە جۆرێك ژمارەی قوتابخانەکان لە هەر شارێکدا لە چەند قوتابخانەیەك تێپەڕی نەدەکرد. تاکو(ساڵی ١٩٣٤ پۆلی سێیەمی ناوەندی لە سلێمانیدا نەبووە)[1]، بۆیە قوتابیان ناچاربوون بۆ تەواوکردنی خوێندن بچنە شارەکانی تری عێراق. بێگومان کچان زیاتر لەم دۆخەدا زەرەرمەند بوون، چ لەبەر دواکەوتوویی باری کۆمەڵایەتی و چ لەبەر نەبوونی قوتابخانەی پێویست، (دۆخی کۆمەڵایەتی تا ئەندازەیەکی بەرچاو ڕەنگدانەوەی بارە ئابورییەکەی گوزەران و بژێوی خەڵکەو هەر ئەو لایەنەش واتە لایەنی ئابوری زۆر داب و نەریت و کلتور ڕەنگ ڕێژ دەکات و لە کۆمەڵدا دەیچەسپێنێت)[2]، کەواتە هەلومەرجی کۆمەڵایەتیش لەوپەڕی شپرزەییدا بووە، بەهۆی داب و نەریتی دواکەوتووی کۆمەڵگاو نزمی ئاستی ڕۆشنبیرییەوە.

بێگومان شاعیران و نووسەرانیش لە بەرهەمەکانیاندا گوزارشتیان لەو بارودۆخ و سەردەمە دەکرد. (هەندێك لە شاعیران لە نێو شیعرەکانیاندا هەوڵیان داوە بابەت و کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەیەکی سنورداری کۆمەڵایەتی و جار نا جاریش سیاسی بخەنە ڕوو)[3]. شاعیرانی کورد هەمیشە ڕۆڵی پێشەنگیان بینیووە لە

---

[1]: شاری سلێمانی(١٩٣٢-١٩٤٥)، ئاکۆ عەبدولکەریم مەحمود شوانی، نامەی دکتۆرا،کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٨ .

[2]: هـ ، پ، ل ٢٤ .

[3]: شیعری کوردی لە ڕوانگەی پێوەرە سۆسیۆلۆژییەکانەوە (نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم)، د.ئازاد عەبدولواحید کەریم، گ.ئایندە، سلێمانی، ژ (٦٢)، ٢٠٠٥، ل١٩

کۆمەلگادا، چونکە شاعیران لە ڕێگەی ڕەخنەگرتن لە دیاردە کۆمەڵایەتییە نەشیاوەکانەوە، کۆمەڵیان لە ئەنجامە نەخوازراوەکانی ئەو دیاردانە هۆشیار کردووەتەوە. بۆیە بەرهەمی نووسەران و شاعیرانی کورد تا ڕادەیەکی زۆر توانیویەتی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەو داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆ بگرێت و بە خوێنەریان ئاشنا بکات.

گۆرانی شاعیر لە قۆناغەکانی ژیانی شیعریدا هەمیشە لە بەرز بوونەوەو گەشەکردندا بووە، هەر قۆناغێکی ژیانی گوزارشتە لەو پەیوەندییە بە هێزەی کە لەگەڵ دەروبەریدا هەیبووە، (تا بەسەرهات و کارەساتەکانی ناو کۆمەلگاو چەوسانەوە نەتەوایەتی و چینایەتییەکان لە بەیەکداچوون و خەست بوونەوەدا بوونایە، ئەویش بە پێی ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییانە لە گۆڕان و چاو کردنەوەو ورد بوونەوەدا بووە)[١]، پێویستە ئەو ڕاستییە بزانین، کاتێك گۆران لە ڕۆمانسییەتەوە بەرەو ڕیالیزم دەڕوات ئەنجامی ئەو هۆشیارییەیە، کە وەك داهێنەرێك لە ناخیدا دەیجولێنێت و تا تەمەنی بەرەو هەڵکشان بچووایە، ئەزموونی شیعریشی باڵاتر دەبوو، چونکە نەیویستووە لە کۆمەلگاکەی دابڕێت، کە سەرتاپای جەستەی برینی قوڵەو پێویستی بە سارێژ بوون هەیە. بۆیە دەبینین بەشێکی زۆی ئەزموونی ئەدەبی گۆران بەریەك کەوتنێکی ڕاستەوخۆ بووە لەگەڵ واقیعی کۆمەلگاکەیدا. هەر لەبەر ئەوەشە کە ڕۆڵی پێشەنگی و زیندوویەتی بە گۆران بەخشیووە.

### تەوەری دووەم/ ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان لە شیعری(بەردەنووسێك)ی گۆراندا

کۆمەلگای مرۆڤایەتی پڕیەتی لە چیرۆکی مەرگەسات، بە تایبەتی ئەو چیرۆکانەی کە بەهۆی داب و نەریتی دواکەوتووی کۆمەڵایەتییەوە دروست بوون، لە زۆربەی ئەم چیرۆکانەش کەسانی بێتاوان بوونەتە قوربانی، ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی سەرنج بدەین. ئەوا ڕەنگە زۆر بە ئاسانی لە واقیعی ژیاندا هەست بە چیرۆکەکان بکەین، بە جۆرێك هەر وردبوونەوەو تێڕامانێك داستانێکی پڕ لە تراژیدیمان بۆ نمایش دەکات.

لەم دەقەدا گۆران باسی ئاریشەو ئازارەکانی کچێکی کۆمەلگای کوردی دەکات، ئەم کچە نموونەی دەیان و سەدان کچی دیکەیە، کە دەبن بە قوربانی لە پێناوی حەزو ئارەزووەکانی پیاوو دواتریش بە بیانووی لەکەدار بوونی ناموس و شەرف پارێزی بە دەستی باوکی کۆتایی بە ژیانی دێت. کەسی بکەریش(کوڕەکە) کەس لە گوڵ کاڵتری پێ نالێت و وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەردەچێت و کۆمەلگاش لێی خۆش دەبێت. گۆران بە شێوەیەکی هونەرمەندانە، وێنەی ئەو واقیعە تاڵەمان پیشان دەدات و بە جۆرێك لە جۆرەکان ڕەخنە لە کۆمەلگا دەگرێت و دەیەوێت کۆمەڵ لەو دیاردە دزێوو دژ بە مرۆڤایەتییە هۆشیار بکاتەوە. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەدەب سودێکی کۆمەڵایەتی هەیەو ناکرێت بە شێوەیەکی خودی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، چونکە زۆربەی ئەو پرسیارانەی کە ئەدەب دەیوروژێنێت پرسی کۆمەڵایەتین.

بۆ تێگەیشتن لە دەقێکی ئەدەبیش پێویستە بچینە ناو دەقەکەوەو قسەی لەسەر بکەین و هەر لە ڕێگای چوونە ناو دەقەکەشەوە، دەتوانین پەی بەو کێشەو گیروگرفتانە بەرین کە لە کۆمەلگادا هەن، واتە ناتوانین تەنیا لە ڕێگای فۆڕمی کارە ئەدەبییەکانەوە بگەینە خوێندنەوەیەکی دروستی دەقەکان، بەڵکو لە ڕێگای چوونە ناو قوڵایی دەقەکەوە، واتە لە ڕێگای ڕوخسارو ناوەرۆکەوە دەتوانین بگەین بە ماهیەتی دەقە ئەدەبییەکان.

[١]: چەند سەرنجێك لە گۆرانی لوتکە، شێرکۆ بێکەس، گ.ڕۆشنبیری نوێ، ژ(٦٤)، ١٩٧٨، ل٦٤-٦٤ .

## پوختەی ناوەڕۆکی شیعری(بەردەنووسێك)ی گۆران

لە دێڕەکانی سەرەتادا قوربانییەکە، (کچ) پاش ئەوەی قسە لەگەڵ ئەو کەسەدا دەکات، کە هاتووەتە سەر گۆڕەکەی و داوای لێ دەکات لەسەر گۆڕەکەی ئاخێك بنێژێت، واتە خەم و ئازارو حەسرەتێك دەربڕێت و فرمێسکێکی تەڕ لە چاوانیا بڕێژێت بەسەر گۆڕە بێ نازەکەیدا. دیارە ئەم وێنەیەی کە شاعیر دروستی کردووە، وێنەیەکی واقیعی نییە، بەڵکو وێنەیەکی شیعرییە، چونکە کەسێك کاتێك دەمرێت و دەخرێتە ناو گۆڕەوە، ئیدی توانای قسەکردن و جوڵەی نییە. کەواتە مەبەستی شاعیر وردبوونەوەو تێڕامان و بیرکردنەوەیە لەو واقیعە تاڵەی، کە بەسەر ئەو کچەدا هاتووە. شاعیر خۆی کردووە بە زمانحاڵی قوربانییەکەو دێتە سەر باسکردنی ژیانی تایبەتی خۆی و ئاماژە بەوە دەکات، کە ناوبراو خاوەنی لەش و لارێکی ناسك و جوان بووەو ژیانی پڕ بووە لە خۆشی و پێکەنین، واتە ئەو کچە تاکێکی بەختەوەری ناو کۆمەڵگا بووە. هاوکات لە ناو سۆزو خۆشەویستی دایك و باوکیدا دەژیا. بە جۆرێك کە ڕۆح و گیانی باوکی بووەو لە ئامێزی گەرمی دایکیشیدا هەمیشە هەستی بە ئاسودەیی و بەختەوەری کردووە. جگە لەوەی کە جێگای متمانەی دایك و باوکی بووەو بە وێنەی پەپولەیەکی ناو گوڵان سەربەست بووە.

دەتوانین بڵێین لە کۆندا ژنی کورد تا ڕادەیەك ئازاد بووە، لە گوندەکانداو لە ناو کێڵگە کشتوکاڵییەکاندا شانبەشانی پیاوان کاری کردووە. ڕۆژهەڵاتناسەکانیش گەواهی ئەو ڕاستییە دەدەن، لەوانە (مینۆرسکی) کە پێی وایە، بە بەراورد لەگەڵ ژنانی نەتەوەکانی دراوسێدا، ژنی کورد لەوان سەربەستتر بوون و تەنیا ئیش وکاری ماڵەوەیان ئەنجام نەداوە، بەڵکو لە کاروباری دەرەوەشدا هاوکاری باوك و براو هاوسەرەکانیان بوون و شانبەشانی ئەوان لە کێڵگەکاندا کاریان کردووە، جگە لەوەش لە کاری هەرەوەزی وەرزیدا ژنان بەشدار بوون و یارمەتی پیاوانیان داوە.

ئەم خۆشی و کامەرانییەی قوربانییەکە، (کچەکە) بەردەوام نابێت، بەڵکو وەك خۆری زستان خێرا دەکەوێتە ژێر پەڵە هەورێکی ڕەشەوەو ڕەوتی ژیانی دەگوڕێت و هەرەس بە خەونە ڕەنگاڵییەکانی دێت و بەدبەخت دەبێت، چونکە کوڕێکی سەرەڕۆو بێ پەیمان تێکەڵ بە ژیانی دەبێت و بە ناوی عیشق و خۆشەویستییەوە فریوی دەدات و ژیانی وێران دەکات. کوڕەکە ناپاکی لە کچەکە دەکات، پاش ئەوەی بە ئارەزووە گڵاوەکانی خۆی دەگات و مەبەستی خۆی دەپێکێت، کچەکە بەجێدەهێڵێت و خۆی ون دەکات. کچەکەش بە دەستی باوکی کۆتایی بە ژیانی دێت و تەنانەت سۆزو خۆشەویستی دایکیشی ناتوانێت لە توڕەیی باوکی ڕزگاری بکات و بیپارێزێت.

ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان لە شیعری(بەردەنووسێك)ی گۆراندا:

١- ناپاکی (خیانەت):

ئەگەر بمانەوێت لە چوارچێوەی دەقەکەدا قسە لەسەر ناپاکی بکەین، ئەوا دەبینین لێرەدا کوڕەکە دوای ئەوەی بە ناوی خۆشەویستییەوە، کچەکە فریو دەدات و ئارەزووە گڵاوەکانی خۆی تێر دەکات، لە تێڕوانینی کۆمەڵگاوە لە چەمکی (کچ) بوونەوە دەیکات بە (ژن) و ناپاکی لەگەڵ دەکات، پاشان بە جێی دەهێڵێت و خۆی ون دەکات. ئەو کەسەشی کە باجی ئارەزووە گڵاوەکانی ئەم دەدات تەنیا کچەکەیە.

**لاوێکی نامەردم تووش هات لە ڕێما،**

**بە سوێن و پەیمان،**

**وەك ڕەشمار پەپکەی خوارد، نووست لە ناو جێما**

**ئابڕومی تکان !...**

**پاش ئەوەی ماری پیس زەهری خۆی ڕژان،**

**کێشایەوە کون،**

**هۆی شەرمی لە باوکم کرد بە مایەی ژان**

**کەتنکەری ون.. [١]**

دەبینین گۆران بە شێوەیەکی هونەری و لە قاڵبێکی ئەدەبی جواندا، وێنەی ئەو واقیعە تاڵەمان پیشان دەدات و بە جۆرێك لە جۆرەکان ڕەخنەی لێ دەگرێت و هەوڵی هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگا دەدات، چونکە خودی ڕەخنە گرتن هۆکارێکە بۆ ئاگادار کردنەوەو هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵ لەو کارە دزێوە، تاکو هەموو لا هۆشیار ببن و ڕێگە نەدەن کچەکانیان لە پێناوی ئارەزووە گڵاوەکانی کەسانی تردا ببن بە قوربانی.

لە دوای ئەم کارە قێزەونەی کە کوڕەکە، بەرامبەر بە قوربانییەکە (کچەکە) ئەنجامی دەدات، ئیدی ژیانی ئاسایی و خۆشبەختی کچەکە تێك دەچێت و پڕ دەبێت لە شەرمەزاری و ژان و خەم و ئازاری دەروونی. بێگومان ئەوەی کە گۆران باسی دەکات، نموونەیەکە بۆ دەیان کچی تری کۆمەڵگای کوردی نەك تەنیا لە ڕابردوودا، بەڵکو لە واقیعی ئێستاو لە سەدەی بیست و یەکیشدا، دەیان نموونەی لەو شێوەیە دەبینین و دەبیستین، کە لە ڕوپەڕی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو دەکرێنەوە، لە هەموو ئەو حاڵەتانەشدا کوڕەکە ڕزگاری دەبێت و کچەکەش دەبێت بە قوربانی. جا یان بە دەستی باوك و براو کەس و کاری دەکوژرێت، یاخود زۆر جار لە دوای ئەوەی ئەو پەڵە ڕەشە دەکەوێتە ناو ژیانییەوە، خۆی بڕیاری خۆکوشتن یان خۆ سوتاندن یان خۆ خنکاندا...هتد دەدات و کۆتای بە ژیانی خۆی دەهێنێت.

**٢- شەرەف پارێزی و پیاوسالاری:**

چەمکی (پیاوسالاری) مێژوویەکی دێرینی هەیە، بە تایبەتی لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکاندا، زۆر بە توندی ڕەگی داکوتاوە. ئەمەش بە واتای سەپاندنی دەسەڵاتی پیاوو باڵا دەست بوونی لە سەرجەم کایەکانی ژیانداو لە بەرامبەریشدا چەوساندنەوەو پاشکۆ خستنی ڕۆڵ و ئازادییەکانی ژن. بێگومان لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا زۆرن ئەو ژنانەی، کە لە پێناوی پاك کردنەوەی شەرەف و باڵا دەست بوونی پیاو، بە دەستی باوك و براو ئامۆزاو پورزاو هەموو (زا)یەکانی تردا دەکوژرێن و لە ناو دەچن. ئەم دیاردەیە لە کۆنەوە تا ئێستا لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا هەبووە هەیە، زۆر جار تەنیا بە هۆی گومانێکەوە یان بەهۆی بوختانێکەوە کچێکی پاکیزە دەبێت بە قوربانی و فەرمانی مردنی دەدەن. ئێستاشی لەگەڵدا بێت ڕۆژانە لە میدیاکان و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، زۆر حاڵەتی لەو شێوەیە دەبینین و دەبیستین، کە فلانە کچ بە دەستی باوکی یان برای یان خزمێکی نزیکی بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە کوژرا. بێگومان زۆربەی ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانەش بابەتی نامووس و پاککردنەوەی شەرەفە. بەداخەوە لەبەر ئەوەی لە کوردستان سەنتەرێکی توێژینەوەی ئەکادیمی و باوەڕ پێکراو نییە، بۆ

[١]: دیوانی گۆران، سەرجەم شیعرەکانی عەبدوڵڵا گۆران، کۆکردنەوەو پێشەکی محەمەدی مەلا کەریم، بەرگی یەکەم، چاپی چوارەم، تهران، ل ١٦٥ .

تۆمارکردنی ئەو حاڵەتانەی کە تیایدا ڕەگەزی (مێ) دەبنە قوربانی، بۆیە ناتوانرێت ساڵانە ئامارێکی ڕاست و دروست بخرێتە ڕوو، ئەوەشی کە هەیە زۆر جار لەسەر ئاستی پارێزگاکاندایە نەك لەسەر ئاستی کوردستان، ئەمە جگە لەوەی کە چەندین حاڵەت بە هۆی نەبوونی سکالاْ لەسەر تۆمەتبارەکە، یاخود بەهۆی دووره دەستی شوێنی ڕووداوەکە، لە گوندو ناوچە سنورییەکاندا، لایەنی ئەمنی ئاگادار نین و بگرە هەر تۆماریش ناکرێن، بەلاْم هەموو ئەو ڕاستییە دەزانین، کە ساڵانە دەیان نموونەی کوشتنی کچان و ژنان بە دەستی پیاوان لە کۆمەڵگاکەماندا ڕوو دەدات. کەواتە ئەوەی کە گۆران ئاماژەی بۆ دەکات، دیاردەیەکە نەك تەنیا لە کۆندا بەڵکو لە ئێستاشدا هەیە. ئەمەش زیاتر زیندوویەتی ئەدەبمان پیشان دەدات، کە مامەڵە لەگەڵ حاڵەتە مرۆڤایەتییەکاندا دەکات و وای کردووە کە ئەدەب هەمیشە بە زیندوویەتی بمێنێتەوە.

منی "کچ" مامزی بەندیخانەی ژین:

سزای تاوانم،

بە دەستی باوکی خۆم چووم بە سەربڕین !

پرچی پەخشانم،

تلا لە خوێنەوەو کەوتە سەر چاوم،

ئیتر نەمبینی:

لە جەرگی باوکما سەری بڕاوم

چۆن بوو برینی؟ [1]

لە دوای ئەو ڕووداوە، کچەکە بە دەستی باوکی سەردەبڕدرێت و کۆتایی بە ژیانی دێت، لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەم، کە مەرج نییە شێوازی کوشتنەکە سەربڕین بێت، ڕەنگە مەبەستی گۆران ئەوە بێت، کە (سەربڕین)خراپترین جۆری کوشتنە، واتە بەلای کچەکەوە گرنگ نییە شێوازی کوشتنەکەی چۆنە ئەوەندەی ئەوە بەلایەوە گرنگە، کە ئەو باوکەی جاران شانازی پێوە دەکرد، ئێستا نەفرەتی لێ دەکات و دلْڕەقانە کۆتایی بە ژیانی دەهێنێت. بێگومان باوکەکەش ناچارە ئەم کارە بکات لە پێناوی ڕازی کردنی کۆمەڵگاو سڕینەوەی ئەو پەڵە ڕەشەی، کە بەهۆی کچەکەیەوە خێزانەکەیانی پێ لەکەدار بووە.

گۆران خۆی کردووە بە زمانحاڵی قوربانییەکەو باسی هەستی خۆی دەکات، کە چۆن قژی پەخشان کراوی خەڵتانی خوێن بووە، هەروەها قوربانییەکە نیگەرانە لەوەی، کە لە دوای کوشتنی، نازانێت هەستی جەرگ سووتاوی باوکی چۆنەو برینێکی چۆن کەوتووەتە ناو دڵی؟؟ لێرەدا دەکرێت بڵێین ئەگەر باوکەکە لە کۆمەڵگایەکی تردا بووایە، ڕەنگە نەیتوانییایە بە دەستی خۆی کۆتایی بە ژیانی کچەکەی بێنێت، بەلاْم داب و نەریتی دواکەوتوویی کۆمەڵگا هاندەرە بۆ ئەوەی باوکەکە کچەکەی خۆی بکوژێت. جگە لەوەش باوکەکە خۆی پەروەردەی کلتورێکە، کە لە منداڵییەوە گۆش کراوە بە شەرەف پارێزی و چەوساندنەوەی ژن و جیاوازی کردن لە نێوان ڕەگەزی نێرو مێدا.

### ٣- جیاوازی چینایەتی:

چینەکانی کۆمەڵ لەسەر بنەمای ئابوری و کۆمەڵایەتی دروست بوون، جیاوازی چینایەتیش دیاردەیەکی کۆمەلاْیەتی و مێژووییە، لەسەر بنەمای جیاوازی ئابوری و کۆمەڵایەتی دروست دەبێت، بە جۆرێك خاوەن

[1]: دیوانی گۆران ، ل ١٦٦ .

هۆیەکانی بەرهەم هێنان و ئەو زەحمەتکێشانەی، کە هۆیەکانی بەرهەم هێنانیان نییە، هەریەکە لە پلەیەکی جیاوازدا دەبن. جیاوازی چینایەتیش یەکێکە لەو دیاردە ناشارستانیانەی، کە لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا بەدی دەکرێت، بەڵام ئاستی جیاوازی کردن لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێت.لە هەندێك کۆمەڵگادا ئەم جیاوازییە زۆرە بەتایبەتی لەو کۆمەڵگا دواکەوتووانەی، کە سیستەمی بەڕێوەبردنیان لەسەر بنەمای ئاینی و نەتەوەیی و خێڵەکی..هتد دروست بووە. لە کۆمەڵگای فیودالیشدا چینەکان بریتین لە خاوەن موڵك (ئاغا) و جوتیاران. هەندێك جار ئاغا جگە لە چەوساندنەوەی جوتیارەکان و بردنی بەشێکی زۆری بەرهەمی ماندوو بوونیان، چاویان دەبڕیە کچەکانیان و زۆر جار بە زۆرو بەبێ ڕەزامەندی کچەکەو دایك و باوکیان، کچەکەیان لە خۆیان مارەدەکرد. چونکە ئەوان چینی باڵا دەست بوون و خاوەنی هێز بوون، لە ڕووی ئابوری و کۆمەڵایەتییەوەو هەمیشە چینی خوارەوە (جوتیاران)یان دەچەوساندەوە. دیارە ئەم دیاردەیەش لە بەرهەمی زۆرێك لە شاعیرانی کورددا ڕەنگی داوەتەوە. ئەوەی لەم دەقەشدا دەبینرێت ئەوەیە، کە کوڕی ئاغا بە ناوی خۆشەویستییەوە کچێك فریو دەدات و پاش ئەوەی بە ئامانجە گڵاوەکانی خۆی دەگات. کچەکە بەجێ دەهێڵێت و کەسیش لە کارەکەی  ناپرسێتەوە، ئەگەر چی گۆران لە دەقەکەدا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاماژەی بە کوڕەکە نەکردووە کە کوڕی ئاغا بێت، بەلاّم ئەگەر بە وردی دەقە بخوێنینەوە تێدەگەین کە کوڕی ئاغایە، چونکە لە کۆمەڵگای دەرەبەگایەتیدا ئاغا چینی دەسەڵاتدارەو جوتیاریش چینی چەوساوەیە، ڕووداوەکەش لە کۆمەڵگایەکی گوندنشین و دەرەبەگایەتیدا ڕووی داوە. هەروەك لە دەقەکەشدا دەبینین کوڕەکە دەسەڵاتدارە.

ڕووی نیازی زەردی دایك و باوك و خۆم

بێسود کەوتە گەڕ،

خۆیشی چەشنی باوکی تفی هەڵدا بۆم،

گوێی لێ کردین کەڕ!

ئەو کوڕ بوو، سەرەڕای ئەوەش دەستدار بوو،

بە دەستووری گەل

ناپاکی کردەوەی دوور لە پرسیار بوو،

بەلاّم، ئاخ ئەجەل![1]

هەروەکو لە دەقەکەدا دیارە کوڕەکە پاش ئەوەی کاری خۆی ئەنجام دەدات و بەو کارەش کچەکەو دایك و باوکی کچەکەش شەرمەزار دەکات. ئینجا زۆر بێ منەتانە لەگەڵ باوکی خۆی تف و نەفرەت لە کچەکە دەکەن و هیچ هەڵوێستێکیان نابێت، چونکە تاوانباری سەرەکی کوڕەکە بوو، واتە ڕەگەزی نێر بوو، لە داب و نەریتی کۆمەڵایەتیشدا لە کوڕان خۆش دەبن و کچانیش بە تەنیا باجی تاوانەکە دەدەن. هاوکات لەو کۆمەڵگایانەدا هەمیشە سەیری ڕابردووی کچان دەکرێت و لە بەرامبەریشدا لە هەموو تاوانێکی کوڕان خۆش دەبن و تەنیا سەیری داهاتوویان دەکەن. جگە لەوەش کوڕەکە، کوڕی کەسێکی دەسەڵاتدا بوو، واتە کوڕی ئاغا و چینی باڵای کۆمەڵگابوو. هەر ئەمەش وای لێ دەکات کە کەس لێی نەپرسێتەوەو باجی کارەکەی نەدات. هەر لە چوارچێوەی دەقەکەدا هەست بە دوو جۆر جیاوازی دەکرێت، کە بریتین لە جیاوازی ڕەگەزی لە نێوان (کچ و کوڕ)دا و جیاوازی چینایەتیش لە نێوان (چینی دەسەڵاتدارو چینی چەوساوە)دا.

---

[1] : دیوانی گۆران، ل ١٦٦ .

٤- **پەیمان شکاندن:**

پەیمان شکاندن یەکێکی ترە لەو چەمکە کۆمەڵایەتیانەی، کە لەم دەقەدا بەدی دەکەین. ئەو کەسانەی کە پەیمان دەشکێنن لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، کەسانی نەخوازراون و خاوەنی کەسایەتییەکی جێگیر نین و جێگای متمانەی دەوروبەرو کۆمەڵ نین. لە دەقەکەدا هەر لە سەرەتاوە کوڕەکە پەیمانی خۆشەویستی و ڕاستگۆیی بە کچەکە دەدات، واتە وای لێ دەکات کە متمانەی پێ بکات و باوەڕ بە خۆشەویستەکەی بکات، کە خۆشەویستییەکەیان خۆشەویستییەکی پاك و بێگەردو ئامانجدارە، بەڵام کوڕەکە پەیمان دەشکێنێت و ناپاکی لە کچەکە دەکات و هەتکی دەکات. دوای ئەوەش کە بە ئارەزووە گڵاوەکانی خۆی دەگات، نەك هەر پەیمان دەشکێنێت، بەڵکو نەفرەتیش لە کچەکە دەکات و خۆی لێ دەکات بە نەناسراو.

بەڵام ئاخ کە ناڵەی لاوکی لاوان

زوو مەستی کردم،

بە ڕێی عەشقی پاکا نام  مل و تاوان

بۆ لاڕێی بردم ![1]

کوڕەکە بە سوێن و پەیمان کچەکە فریو دەدات و وای لێ دەکات، کە بەنرخترین سەرمایەی ژیانی، کە کچێنییەتی پێشکەشی کوڕەکەی بکات، بەڵام دواتر کوڕەکە پەیمان دەشکێنێت و کچەکەش لەلایەن باوکییەوە کۆتایی بە ژیانی دێت.

بێگومان ئەوەی لەم دەقەدا دەیبینین، نمونەیەکە بۆ سەردەمی ئێستاش، کە چەندین کچ  دوای ئەوەی بە دەستی بە ناو خۆشەویستەکانیان ئەتك دەکرێن و بە ناوی خۆشەویستی و هاوسەرگیرییەوە لە خشتە دەبرێن، پاشان بکەرەکە خۆی ون دەکات و هەندێك جار دوو چاری هەڕەشەش دەبێتەوە، کە ئەگەر بە داواکانی کوڕەکە ڕازی نەبێت ئەوا وێنەو دەنگ و ڤیدیۆو..هتد  لێ بڵاو دەکاتەوە. لێرەشدا کچەکە دەبێتە نێچیرێکی دەستەمۆو بەرەو کەناری نەمان دەڕوات، زۆر جاریش قوربانییەکە بەرگەی ئەو بارودۆخە ناگرێت و ئاسۆیەك بۆ ڕزگار بوون بەدی ناکات، بۆیە بە ناچاری پەنا دەباتە بەر خۆ کوشتن. بە بڕوای ئێمە گۆران تەنیا مەبەستی خستنە ڕووی ئەم کێشەیەو ڕەخنەگرتن نییە لێی، بەڵکو بە جۆرێك لە جۆرەکان مەبەستی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا بە گشتی و کچان بە تایبەتییە، کە وریا بن و بە دوو قسەی لوس و بریسکەداری کوڕانی لەو شێوەیە  بەناوی عیشق و خۆشەویستیی و هاوسەرگیرییەوە فریو نەخۆن و خۆیان تەسلیمی ئەو قەدەرە نادیارە نەکەن، کە بەهۆی سادەیی و دڵپاکی کچەکەوە هەروەك لە دەقەکەدا بینیمان تووشی هات.

## ئەنجام

١- میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی گرنگییەکی زۆری هەیە، بۆ شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی ئەو دەقانەی، کە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆ دەگرن و بە گشتی دەچنە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتییەوە.

٢- ڕەخنەی کۆمەڵایەتی هەوڵ دەدات کێشەو گیروگرفتەکانی کۆمەڵ لە چوارچێوەی تێکستە ئەدەبییەکاندا، بەرجەستە بکات و لەم ڕێگایەشەوە هەوڵی چارەسەرکردنیان دەدات.

٣- نووسەرو شاعیری سەرکەوتوو پێویستە هەمیشە لەگەڵ خەم و ئازارو کێشەو گرفتەکانی کۆمەڵگاکەیدا بژی و ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی گوزارشت لە واقیعی کۆمەڵگاکەی بکات. چونکە ئەدەب و کۆمەڵگا وەك دوو دیوی

[1]: دیوانی گۆران، ل١٦٥ .

**یەك دراو وان و هەرگیز لە یەکتری جیا ناکرێنەوە. گۆرانیش یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە هەمیشە لەگەڵ خەم و ئازارو کێشەو گرفتەکانی کۆمەڵگاکەیدا ژیاوە، ئەمەش بە گشتی لە شیعرەکانیدا هەستی پێدەکرێت.**

**٤- خودی ڕەخنەگرتن لە واقیعی کۆمەڵگا، هۆکارێکە بۆ هەشیارکردنەوەی کۆمەڵ لەو دیاردە دواکەوتووانەی ،کە لە کۆمەڵگادا هەبووەو هەیە.**

**٥- بابەتی ژن کوشتن بە پاساوی شەرەف، یەکێکە لەو دیاردە دواکەوتووانەی کە تا ئێستاش لە کۆمەڵگادا هەیەو ڕۆژانە چەندین ژن دەبن بە قوربانی و بە دەستی باوك و براو خزم و کەسیان دەکوژرێن و لە ناودەبرێن.**

## پێشنیار

**١- پێویستە لەسەر لایەنی بەرپرس بە یاسا ڕێگا لەم دیاردەیە بگرن و بکوژانی ژن بە هەر پاساوێك بێت، ڕوو بە ڕووی دادگا بکرێنەوەو سزای خۆیان وەربگرن.**

**٢- پێویستە لەسەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و میدیاکان بە (بینراوو بیستراوو خوێندراو) هەوڵی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵ بدەن، ئەمەش بە چوونە ناو خەڵك و ئەنجامدانی چەندین کۆڕو کۆبوونەوە و سیمینارو مێزگرت، لە پێناوی نەمان یان هیچ نەبێت کەمکردنەوەی ڕێژەی توندو تیژی و کوشتنی ژنان.**

**٣- پێویستە لەسەر مامۆستایانی ئاینی لە ڕێگای وتاری ڕۆژانی هەینییەوە، قسە لەسەر ئەم بابەتە بکەن و دیدو تێڕوانینی ئاینی ئیسلام لەم بارەیەوە بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوەو ئاماژە بە شوێن و پێگەی ژن بکەن لەئاینی ئیسلامدا. هاوکات ڕوونیشی بکەنەوە کە کوشتنی مرۆڤێك لای خوای گەورە تاوانێکی چەند گەورەیەو ئەو کەسەشی کە بە ناحەق مرۆڤێك دەکوژێت، وەکو ئەوەیە کە هەموو خەڵکی کوشتبێت و لە ڕۆژی دوایشدا سزایەکی قورس چاوەڕێی دەکات.**


## کورتەی توێژینەوەکە

**دیارە ژن لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکاندا، لەوانەش لە کۆمەڵگای کوردیدا بە هۆی داب و نەریتی دواکەوتووی کۆمەڵگا، هاوکات تێکەڵکردنی ئاین بەو داب و نەریتانە، واتە تێنەگەیشتن و وەرنەگرتنی ئاین وەك خۆی، هەموو ئەمانە وایانکردووە، کە ژن هەمیشە ڕوو بە ڕووی توندو تیژی ببێتەوەو لە سادەترین مافەکانی بێبەش بکرێت. تەنانەت زۆر جار بە پاساوی شەرەف پارێزی و مەسەلەی ناموسەوە لەلایەن کەس و کارییەوە دەکوژرێت و لە ناو دەرێت. ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی(شیکردنەوەی شیعری"بەردەنووسێك"ی گۆران بە پێی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی) هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەو شرۆڤەکردنی ئەو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییانەی، کە لە چوارچێوەی ئەو تێکستە شیعرییەدا بەرچاو دەکەون. وەك کوشتنی ژنان بە بیانووی شەرەف و جیاوازی چینایەتی و خیانەت کردن و پەیمان شکاندن و...هتد. بابەتی سەرەکی دەقەکەش گێڕانەوەی چیرۆکی کوشتنی کچێکە بە دەستی باوکی، بە بیانووی پاککردنەوەی شەرەف. پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە بە داخەوە ئەم بابەتە تاکو ئێستا، کە لە سەدەی بیست و یەکدا دەژین لە کۆمەڵگای کوردیدا ماوە. ئەم توێژینەوەیەش هۆکارێك دەبێت بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا، لەو دیاردەیەو بەرگرتن لە توندو تیژی و چەوساندنەوەی ژنان لە کۆمەڵگای کوردیدا.**

## ملخص البحث

المرأة في المجتمعات الشرقية ومنها المجتمع الكردي مظلومة، وتهضم حقوقها بسبب العدات والتقاليد المتخلفية السائدة منها، وعدم وجود فهم صحيح ودقيق للدين ومزج التراث بها مزجاً سيئاً، وعدم التميز بينهما ادى كل هذا الى ممارسة العنف وقتل المرأة ومعملتها بالقساوة وحرمنها من أبسط حقوقها بمسوغات. وهمية و واهية مثل: حفظ العرض وغسل العار وغيرها من الأعذار والمبررات. وهذا البحث الموسوم بعنوان (التحليل الشيعرى"بەردەنووسێك"للشاعر عبدالله طوران حسب نظرية النقد الاجتماعي) محاولة لتحليل وتفسير الجانب الاجتماعية، ضمن الاطار المحدد للنص، مثل: قتل المراة بمبررات حفظ العرض، والفوارق الطبقيةن و وجود الخيانة ونقض العهود وعدم الوفاء بالوعود..

وموضوع النص ومحوره الرئيسي حكاية قصة قتل بنت على يد أبيها بمبررات غسل العار. ولا بد أن نشعر الى أن مثل هذه الاشياء في مجتمعنا الكردي، الذى نعيش فيه موجودة بكثرة في يومنا هذا. وحاولنا أن تكون هذا البحث عاملاً لتوعية المجتمع والتقليل من هذا الأضطهاد الخاشم وهضم حقوق المرأة في مجتمعنا.

## Absract

Clear Women in the middle east Community,especially in Kurdish one Cause of ignorant mores and religious misundersfanding were Facing Violence,having no rights even they were Killing under the name of keeping honor by their relatives.Title of the research is (Poetical analysis to Goran "bardanwsek" by social and Critical method.It's an attempting to analyse and discuss Social aspects that have been understanding in the poem like; Killing women under the name of honor Keeping, class differences, betraying and breach of faith. The main subject of the Context is narrating astory of killing a daughter by her father by the name of honor keeping.Unfortunately it's still ther'es in the ٢١st Century.This research is the reason to awarene nembers of Community to avoid this bad social phenomenon persecution and Killing women in our society.


## ناوی سەرچاوەکان


أ/ سەرچاوە کوردییەکان:

١- دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، د. بەسام قطوس، و: د.محەمەد تاتانی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١١.

٢- دیوانی گۆران، سەرجەم شیعرەکانی عەبدوڵلا گۆران، کۆکردنەوەو پێشەکی محەمەدی مەلا کەریم، بەرگی یەکەم، چاپی چوارەم، تهران.

٣- ڕەخنەو ئایدۆلۆژیا، حەیدەری حاجی خدر، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٥.

٤- ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی، و: عەبدولخالق یەعقووبی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٧.

٥- س

ۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی(لە ڕووی پێوەرە ئاکارییەکانەوە)نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، ئازاد عەبدولواحید کریم، لە بڵاوکراوەکان لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کورد (١٤) چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ١، هەولێر،٢٠٠٥.

٦- شاری سلێمانی (١٩٣٢-١٩٤٥)، ئاکۆ عەبدولکەریم مەحمود شوانی، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٧.
٧- شیعرو شمشێر، حەمەسەعید حەسەن،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چ١،هەولێر، ٢٠٠٤.
٨- شیعری کوردی لە ڕوانگەی پێوەرە سۆسیۆلۆژییەکانەوە (نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم)، د.ئازاد عەبدولواحید کەریم، گ. ئاینده، سلێمانی، ژ (٦٢)،٢٠٠٥ .
٩- چەند سەرنجێك لە گۆرانی لوتکە، شێرکۆ بێکەس، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ(٦٤)، ١٩٧٨ .

ب/ سەرچاوە عەرەبییەکان:

١- التحليل الاجتماعي للادب، السيد يسن، دار العين للنشر، ط٣ ،القاهرة ، ٢٠٠٧ .
٢- حركة النقد المسرحى في سورية(١٩٦٧-١٩٨٨) دراسة، د. هورية محمد حمو، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، ١٩٨٨ .
٣- خمسة مداخل الى النقد الادبى،(مقالات معاصرة في النقد)، تصنيف: ويلبرس. سكوت، ت: عناد غزوان اسماعيل و جعفر صادق، منشورات وزارة الثقافة والفنون، دار الحرية، بغداد، ١٩٨١.
٤- مدخل الى النقد الادبي الحديث، د. شلتاغ عبود شراد، دار مجدلاوى للنشر ، ط١، عمان، ١٩٨٨ .
٥- مدخل الى سوسيولوجيا الادب، محى الدين يوسف أبوشقرا، المركز الثقافي العربي، ط١، الدار البيضاء- المغريب، ٢٠٠٥ .
٦- مدخل الى مناهج النقد الادبي، تأ: مجموعة من كتاب، ت: د.رضوان ظاظا،م: د. المنصف الشنوفي، سلسلة عالم المعروف٢٢١ ، الكويت ،١٩٩٧.
٧- معجم مصطلحات الادب (انكليزى- فرنسى- عربى)، مجدى وهبة، مكتبة لبنان، بيروت، ١٩٧٤.
٨- مقدمة في النقد الادبى، د.علي جواد طاهر، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ط٢، بغداد، ١٩٨٣.
٩- مناهج النقد المعاصر، د.صلاح فضل، ميريت للنشر والمعلومات، ط١، القاهرة، ٢٠٠٢ .
١٠- مدخل الى سوسيولوجيا الادب، محى الدين يوسف أبوشقرا، المركز الثقافي العربي، ط١، الدار البيضاء- المغريب، ٢٠٠٥.
١١- نظرية الادب، رينية ويليك و اوستن واين، ت: محى الدين صبحى، م: د.حسام الخطيب،المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ط٢ ، ١٩٨٧.
١٢- النقد الادبي المعاصر(قضاياه واتجاهاته)، د. سمير سعد حجازى،دار الافاق العربية،ط١، القاهرة، ٢٠٠١.